# خوای ور ب ئو س دفرموت كمترن سزا ه ل دزخدا: ئر همو شت سر زو مو ت بوا، ئاا دتبخش تنها ب ئوی خت زار بت؟ دت: ب

له ئەنەسی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە بە ئەو کەسە دەفەرموێت کە کەمترین سزای هەیە لە دۆزەخدا: «ئەگەر هەموو شتێکی سەر زەوی موڵکی تۆ بوایە، ئایا دەتبەخشی تەنها بۆ ئەوەی خۆت ڕزگار بکەیت؟» دەڵێت: بەڵێ. پەروەردگار دەفەرموێت: «داوای شتێکم لێکردیت لەمە کەمتر کاتێک لە پشتی ئادەم بوویت: (هاوبەش وشەریک بۆ من بڕیار نەدەیت، بەڵام تۆ پێداگیر بوویت لەسەر شیرک وهاوبەش بڕیاردان)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات ئەو کەسەی کە کەمترین سزا وئازاری لەسەرە لە دۆزەخدا پاش ئەوەی چووە نێویەوە خوای گەورە پێی دەفەرموێت: ئەگەر هەموو دونیا وئەوەی تێیدایە موڵکی تۆ بووایە ؛ دەتکرد بە قوربانی بۆئەوەی ڕزگارت بێت لەم ئازارە؟ دەڵێت: بەڵێ، الله دەفەرموێت: فەرمانم پێت کرد وداوای شتێکی زۆر لەمە کەمترم کرد کە پەیمانت لێوەرگیرا لەکاتێکدا لە پشتی ئادەم بوویت -پەیمانەکەش ئەوەیە-: بەهیچ شێوەیەك هاوبەشم بۆ بڕیار نەدەیت؛ بەڵام کاتێك تۆم هێنایە دونیاوە هەر پێداگیر بوویت لەسەر هاوبەش بڕیاردان.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8315

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee